# یەکخستنەوەی باشووری کوردستان لەڕێگای پرۆسەیەکی ڕەوای دیموکراسیانەوە .......

**شاخەوان شۆڕش**

وەک لای هەمووان ڕوونە, پرۆسەی ئاشتی و یەکگرتنەوەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیەکەی هەولێرو سلێمانی لەگەڵ ڕێکەوتنامەکەی واشنتۆن لەساڵی 1998 وە دەستی پێکرد و تائێستاش هەروا درێژەی هەیە و بەردەوامە, بەبێ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی پۆزەتیڤ و خاڵێکی گەورەی کۆتایی بۆدابنرێ. شێوەی گفتوگۆکان و میتۆدی پرۆسەکە هەروەکو چۆن دەستی پێکردووە, بەهەمان شێوەی پێشوو بەردەوامە, وەکو ئەوەی هیچ گۆڕانێ لەناوچەکە ڕووی نەداوە. بەهەمان مێشکی پێشان و بەهەمان بیرکردنەوە و تێگەیشتنی پێشوو کێشەکە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت.

دیارە گومان لەوەدا نییە یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەی باشووری کوردستان بە بەرژەوەند و چارەنووسی هەمووان پەیوەستدارە, بۆیەش ئاواتی هەموو خەڵکی کوردستانە. بەهەمان شێوەش گرنگترین فاکتەری پەیوەستدار بەکێشەی ناسیونالیستانەی کوردستانە لەئاستی ناوچەکە و جیهاندا, چونکە وەک ئاشکرایە بەبێ یەکپارچەیی و یەکدەنگی, ناسیۆنی کورد لەهەموو ئاست و بوارەکاندا لاوازە و ناتوانێ وەکو پێویست هەنگاو بۆ کێشەکەی بنێ, ئەمە جگە لەوەی گەلێجار و لەگەلێ بۆنەدا زیانیش بەکێشەکەی دەگەیەنێ و ناتوانرێ سوود لە دەرفەتە دەگمەن و مێژووییەکان وەربگیرێت.

لەم وتارەدا بەگونجاوی دەزانم بەکورتی باس لە هەندێ لە لەلایەنە ناگونجاو و نێگەتیڤەکانی ئەم پرۆسەیە و دیاردە پەیوەستدارەکانی ئەم پرۆسەیە بکەم. سەرەتا پێویستە بپرسین, ئایا ئەم پرۆسەی یەکگرتنەی یەکێتی و پارتی بەم شێوەیەی کەلەئارادایە ڕەوایە؟ ئایا هەنگاوی یەکگرتنەکە گونجاوە؟ لەسەر چ بنچینەیەکی گونجاو دەبێ ئەم کێشەیە واچارەسەر بکرێت؟ ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە تا چ ڕادەیەک بەرژەوەندی گشتیان لاگرنگە و ڕۆڵی خەڵک لەم پرۆسەی یەکگرتنەوەیە چییە؟ ئایا ئەم دوو پارتە ڕەوایەتی ئەوەیان هەیە بەم شێوەیە کێشەکە چارەسەر بکەن؟ ئەم دیاردە نێگەتیڤانە چین که باری دوو پارتەکە قورستر دەکەن؟ شایانی باسە, هەردوو دەسەڵاتەکە و خەڵکیتریش باس لەسەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و بەسیڤیل کردنی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن و لەئاستی لێهاتووی دەسەڵاتی کوردی لەمبارەیەوە دەدوێن, ئەمە وادەکات هەڵسەنگاندنی هەر بابەتێکی پەیوەستدار بە کوردستان بە پێوەر و لەڕوانگەیەکی دیموکراسیانەوە پشت ئەستوور بکات, بۆ نموونە بابەتی ئەم وتارە. بەواتایەکی دیکە دەسەڵاتی کوردی باس لەدیموکراسی بوونی خۆیان دەکەن و وادەردەخەن کە ئەوان بڕوایان بەتەواوی پرەنسیپە دیموکراسیەکان هەیە, بۆیەش گونجاوە بەیارمەتی پێودانگی دیموکراسیانە بزانین ئەم دیموکراسیەتەی کوردستان لەچی بارێکدایە.

پرۆسەی یەکگرتنەکەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیەکە وەکو بەر لەڕووخانی سەدام دووقۆڵیەو لەنێوان بەرپرسانی هەردوولا و لەئاستی جیاجیادا سازدەکرێن. ژمارەی کۆبوونەوەکان کەڵکی ژماردنیان پێوە نەماوە و زۆرن. بابەتی کۆبوونەوەکان لەپشتی دەرگا داخراوەکانەوە باسیان لەسەر دەکرێت, بەمجۆرەش خاڵی گرنگ و کێشەلەسەری نێوانیان بەشاراوەیی دەمێننەوە. ئەوەی بەڕای گشتی و ڕاگەیاندن دەگەیەندرێت, چەند سەردێڕێکی ناسراو و کلاسیکین کەکۆمەڵێ پرسیار و تەموومژ بەخۆیانەوە دەگرن, گەلێجار لەووشەی بریق و باق و بۆش بەولاوە زیاتر چیترنین. هەرگیز خاڵی کێشەی نێوانیان و ووردەکاری لەبارەیەوە ئاشکرا ناکرێت و ڕوون ناکرێتەوە بۆچی و چۆن. پێویستە بگوترێت ئەم شێوازەی گفتوگۆکردن, بەهیچ جۆرێ لەگەڵ پرینسیپەکانی ئازادی و دیموکراسیدا ناگونجێن, بۆ؟ لەکۆمەڵگەی دیموکراسیانەدا, هەر بابەتێک پەیوەندی خەڵکەوە هەبێت, دەبێت خەڵک لەووردو درشتی خاڵە گرنگەکانی ئەم بابەتە ئاگادار بکرێنەوە. گەر ناکۆکی ناتەبایی لەسەر چەند خاڵک هەبێت, دەبێ بۆ خەڵک ڕوونکرێتەوە, خاڵەکانی ناکۆکی چین و بۆ ناتەبان لەسەریان. بەمجۆرە گەر کۆبوونەوەیەک لەژورێکی داخراویش ئەنجام بدرێت, لەسەر بەشدارانی کۆبوونەوەکە ئەرکە کە خەڵک لەناوەڕۆکی بابەت و لە ووردەکاری ئەنجامەکە ئاگادار بکەنەوە و ڕوونی بکەنەوە چۆن و لەبەرچی. ئەمە جگەلەوەی لەڕێگای کەنالی جیاجیاوە دەمەتەقێ و مشتوومڕی کراوە و ئاشکرا لەسەر بابەتەکە و خاڵەناکۆکەکان دەکرێت و دەبێ بکرێت, تاکو خەڵک باشتر تێبگات ئەم بابەتە چییە و بۆ وایە. بەداخەوە ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەخاڵەناکۆکەکان و وردەکاریەکانی پرۆسەکە لەئارادا نییە.

دیارە منیش وەک هەر کەسێکی دیکە, نازانم ئەوان لەسەرچی ڕێک نین و بۆ ناگەنە هیچ ئەنجامێک, بەڵام ئەوەی لەملاو لەولا دەکەونە بەرگوێ, هێما بۆ بەرژەوەندی تەنها و تەنهای هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکە دەکەن. ئەوان باس لەچۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان خۆیان دەکەن و لەسەر پۆستەکانی دەسەڵات مشتوومڕیان هەیە. واتە ئەوان باس لەوە ناکەن چی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دایە یا چۆن و بەچی شێوازێکی گونجاوی دیموکراسیانە کێشەکە چارەسەر بکەن, بەڵکو ئەوان باس لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکەن. پرسیاری گرنگ لای هەر یەکەی ئەوان ئەوەیە, چۆن دەتوانن گرنگترین پۆستەکانی دەسەڵات ببەنەوە. ئەوان هیچ کاتێک ئامادەنین پرسیار لەخۆیان بکەن, ئایا ئەوان بەچ یاسا و نۆرمێکی دیموکراسیانەی ڕەوا مافی ئەوەیان هەیە داوای ئەم پۆستانەی دەسەڵات بکەن؟

باسی ڕەوایەتی ئەم دوو دەسەڵاتە کرا, ئەگەر لەڕوانگەیەکی دیموکراسیانەوە سەیری ئەم خاڵە بکەیەن دەکرێ بپرسین, ئایا ئەم دوو دەسەڵاتە ڕەوایەتیان هەیە؟ دەکرێ لەدوولایەنەوە وەرامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. یەکەم: لەلایەنی یاسایی و پرەنسیپە دیموکراسیەکانەوە. دیارە لەلایەن زۆرکەس ئەوە ڕوونە, کەوا پەرلەمانی کوردستان ڕەوایەتی خۆی لەدەستداوە, بەهۆی ئەوەی ماوەی خولی هەڵبژاردنی سالآنێکە تێپەڕاندووە, ئەمە جگەلەوەی بۆماوەی چەندین ساڵ بووە دووکەرت و وەک دەزگایەکی یەکگرتووی یاسادانان بوونی نەما. گەر پەرلەمان ڕەوایەتی خۆی لەدەست بدات یا ڕەوایەتی نەمابێت, ئەوا بەهەمان شێوە دەزگای بەڕێوەبردنی وڵاتیش واتە حکومەت ڕەوایەتی نامێنێت, گەر بەزووترین کات هەڵبژاردن نەکرێت کە بەهۆیەوە پەرلەمانی نوێ و حکومەتی نوێ هەڵدەبژێردرێ. دەکرێ وەک لەهەندێ وڵاتدا سەرۆکی حکومەت یا وڵات لەکاتی ناکاییدا بەبڕیارێکی یاسایی, پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە, بەڵام دەبێ بەزووترین کات و لەماوەی دیاریکراوی یاساییدا کە لەزۆر باردا یەکدوو مانگە, هەنگاو بۆ چارەسەر و هەڵبژاردنی نوێ بنرێت. چونکە لەم ماوە بێ پەرلەمانیەدا وڵات باری نائاسایی بەخۆیەوە دەگرێت و گەر زوو چارەسەر نەدۆزرێتەوە ئەوا ئەگەری ڕوودانی ئاژاوە زۆرە. دیارە پەرلەمانی کوردستان تووشی ئەم بارە نەبووە, بەڵکو لەبەر هۆی جیاجیا هەڵبژاردن نەکراوە و دووکەرتیش بوو. ئەو هۆیانەی یا بیانوانەی بۆ دواخستنی هەڵبژاردن دەهێنرێنەوە, هیچ یەکیان پاڵپشتێکی یاسایی بۆ ڕەوایەتی بەردەوامبوونی پەرلەمان نادەنە دەست. خودی درووستبوونی دوو پەرلەمانی جودا لەدوو ناوچەی جودا, بەشێوەیێ لەشێوەکان دانتان بە نەمانی پەرلەمانە سەرەکیەکە بوو. بۆیە گەر پەرلەمان ڕەوایەتی نەما یا گومان لەڕەوایەتی کرا ئەوا بەهەمان شێوە حکومەتەکەش ڕەوایەتی نامێنێ یا گومان لە ڕەوایەتیەکەی دەکرێت. چونکە بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ, حکومەتی نوێش لەلایەن ئەو پارتانەی کە زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمان دەبەنەوە دیار دەکرێت. دیارە گەر بتەوێ بوونی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لەدەسەڵات گۆڕیندا لەوڵاتێکدا ببینی (بەتایبەتی لەو وڵاتانەی لەسەرەتای قۆناغی دیموکراتیزەکردن دان), ئەوا سەیری پرۆسەی هەڵبژاردن و گۆڕانی حکومەت لەکاتی خۆیدا و بەبێ کێشە و لەڕێگای هەلبژاردنەوە دەکرێت. گەر وڵاتێک توانی ئەم پرۆسەیە چەند جارێک بەبێ کێشە دووبارەبکاتەوە, ئەوا دەکرێ بگوترێ لەم وڵاتەدا گۆڕینی دەسەڵات دیموکراسیانە بەڕێوە دەچێت. بەڵام ئایا ئەم پرۆسەیە لەکوردستان بەم شێوەیە بووە؟ بەداخەوە نا! ئایا هەردوو حکومەتەکەی سلێمانی و هەولێر هەر یەک لەلایەن خۆیەوە بەهەڵبژاردنی پەرلەمان و بەمجۆرە بەگۆڕینی دەسەڵات هەڵساون؟ دیسان نا! کەواتە ئەم دوو حکومەتە و سەرۆکەکانیان نە دیموکراسین و نەڕەوایەتیەکی دیموکراسیانەشیان هەیە, ئەمە گەر لەڕوانگەیەکی دیموکراسیانەوە سەیریان بکەین.

دووەم: لەڕوانگەی پرەنسیپەکانی کوردایەتیەوە. وەکو دەزانین گەلێ لەپرەنسیپەکانی کوردایەتی یاسای نەنووسراوەن, بەڵام تایبەتمەندی و پێداویستیەکانی کوردایەتی (بەواتای خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان) سەپاندوویانە و بەهۆی پرۆسەیەکی دوور و درێژی ڕابردوو ئەم پرەنسیپانە بەشێوەیێ لەشێوەکان لەویژدانی مرۆڤی خەباتگێری کوردا چەسپیوون, بەمجۆرە ئەم پرەنسپانە یاسا و نۆرمی مۆرالین. پرەنسیپەکانی کوردایەتی دەکرێ پێناسە و لێکدانەوەی جیایان بۆ بکرێت. بەبڕوای من, هێڵی سووری کوردایەتی یا پرەنسیپەکانی کوردایەتی کاتێ دەبەزێندرێن, گەرهاتوو شەڕی کوردکوژی و یەکترکوژی هاتە ئاراوە, گەرهاتوو هاوکاری لەگەڵ داگیرکەر لەدژی لایەنێکی کوردی کرا, گەرهاتوو ڕێکەوتن لەگەڵ داگیرکەر بەبێ ئاگا و ڕەزامەندی خەڵک کرا, گەرهاتوو ساختەکاری بەسامانی نەتەوە کرا هتد. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو دوو حکومەتە هیچ یەکێ لەم کارانەیان کردووە؟ ئەگەر کردوویانە ئەوا پرەنسیپەکانی کوردایەتیان شکاندووە و بەمجۆرە ڕەوایەتی خۆیان لەدەستداوە. وابزانم پێویست بەوە ناکات باسی هەندێ لەم سنوور بەزاندنانە بکەم, چونکە لای هەمووومان ڕوونە لە 12 ساڵی ڕابردوودا چیکراوە, هیچ داوای لێبووردنێک و پاکانەیەکیش ناتوانێ تاوانەکان ڕەشکاتەوە. تەنها ئەوەندە دەڵێم گەر ئەم کردارانە لەکۆمەڵگەیەکی هوشیار و دیموکراسیدا ڕوویان بدابایە, ئەوا نەک هەر بەرپرسیاران ڕەوایەتی خۆیان لەدەست دەدا و لەدەسەڵات دوور دەخرانەوە بەڵکو دەدرانە دادگاش. شایانی باسە لەکۆمەڵگە هوشیار و

دیموکراسیەکاندا هەر بەتەنها پەرلەمان نییە کەوا وەک پاسەوانی بەرژەوەندیەکانی خەڵک چاودێری حکومەت دەکات, بەڵکو ئەندامانی پارتە ڕامیاریەکانیش, بەهۆی ئەو میکانیزمە دیموکراسیانەیەی کە لەناوپارتەکاندا هەیە, هەروەها بەهۆی بوونی مۆرالێکی بەرز و ڕوونی و ئاشکرایی سنوورە سوورەکان, بێدەنگی لەسنوور بەزاندن ناکەن و لادانی کەسی بەرپسیار یەکودووی لەسەر نییە و کەسانێک هەڵدەبژێرن کە دڵسۆزی پرەنسیپەکانی پارت و نیشتیمان بێت. دیارە بوونی ئەم میکانیزمە دیموکراسیانەیە و بوونی مۆرالێکی مرۆڤانەی بەرز وایکردووە, هەرکاتێک بەرپرسێک لەسنوور لایدا ئەوا هەر بۆخۆی دان بەهەڵەکەی خۆیدا دەنێت و دەست لەکار دەکێشێتەوە و ئامادەی ئەنجامەکانی دیکەشە.

لەبەرڕۆشنایی ئەم دوو خاڵەی سەرەوەدا دەتوانین بڵێین هەردوو پارتەکە و حکومەتەکانیان ڕەوایەتیەکی دیموکراسیانەیان نییە و پرەنسیپەکانی کوردایەتیشیان شکاندووە. هەر لەم ڕوانگەیەوەش ئەوان مافی ئەوەیان نییە داوای ئەو پۆستانەی دەسەڵات بکەن یا مشتومڕ لەسەر دابەشکردنی ئەم پۆستانەی دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا بکەن. بۆیەش هەنگاوی یا شێوازی چارەسەرەکە کە بەهەوڵی "یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە" ناسراوە ناگونجاو و چەوتە.
هەروەکو لەگەڵێ بۆنەشدا ئەوە دەگوترێ کەوا ئاماژە بۆ هەڵبژاردنی ساڵی 1992 دا دەکرێ و هەوڵ دەدرێت لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەی ئەوسا ڕێکەوتن بکەن یا ڕێکەوتن هەیە, دەنگ هەیە کەوا مشتومڕیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە و ناگەنە یەکتر. گەڕانەوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی 11 ساڵ لەمەوبەر کارێکی زیانبەخشە و لەلایەک پشتگوێخستنی هەموو ئەو گۆڕانە ڕامیاریانەیە کە لەم ماوەیەدا ڕوویان داوە, لەلایەکیتر پشتگوێخستنی هەڵوێستی خەلک و بەکەمزانینی ڕۆڵی خەڵکە. خەڵکی کوردستان هەمان هەڵوێستی ساڵی 92 ی بەرامبەر بە پارتە ڕامیاریەکانی کوردستان نییە و بەئەگەری زۆر گەلێ کەس گۆڕان بەسەر هەڵوێستیاندا هاتووە و ئامادە نین بەهەمان شێوە دەنگ بدەن. ئاشکرایە لەماوەی چوار ساڵی هەڵبژاردندا گۆڕان بەسەر هەڵوێستی زۆر کەسدا دێت, بۆیەش ئەو کەسانە بەشێوەی جیا لەپێشوو دەنگ دەدەن, هەر ئەمەشە گەلێجار دەبێتەهۆی ئەوەی پارتی دیکە دەسەڵات بگرنە دەست و کەس و حکومەتی تازە بێنە سەرکار. ئەوجا گەر 11 ساڵ بەسەر یەکەم هەڵبژاردندا تێپەڕێت, ئەوا ئەگەری گۆڕانی لایەنگیری پارتەکان یا گۆڕانی هەڵوێست بەرامبەر بە پارتەکان زۆر زۆرە. ئەمە جگە لەوەی ئەم ئەنجامە تەنها بۆ ماوەی چوار ساڵ ڕەوایەتیەکی یاساییانەی هەیە, ئەمە ئەگەر ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵ بێت. لەهەڵبژاردندا خەڵک بواری بۆ دەرەخسێ دەسەڵاتی خۆی پراکتیزە بکات, کە هەڵبژاردن نەکرا یا گەر ڕێگا بەهەڵبژاردن گیرا, ئەوا لەڕاستیدا بوار بەخەڵک لەپراکتیزەکردنی دەسەڵاتیدا نادرێت و ڕێگای پێدەگیرێت کە پراکتیزەی دەسەڵاتی خۆی بکات. هەر ئەمەشە دەبێتە خالی وەرچەرخان لەپەیرەوکردنی سیستەمێکی دیموکراسیانەوە بۆ پەیڕەوکردنی سیستەمی نادیموکراسیانە. لەبیرمان نەچێت لەگەڵێ وڵاتی دیکتاتۆردا هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا دەکرێت, بەڵام هەڵبژاردنەکە هیچ گۆڕانێک نایەنێتە ئاراوە, لەبەرئەوەی خەڵکەکە ئازاد نین و لەترسی گیانی خۆیان بۆ پارتی دەسەڵاتدار دەنگ دەدەن, وەک ئەوەی لە عێراقی سەردەمی سەدامدا هەبوو.
ئەی کەواتە ڕێگاچارە چییە و کامەیە؟ جارێ پێش هەرشتێ پێویستە بیر لەیەکخستنەوەی هەردوو پارچەکەی باشووری کوردستان بکرێتەوە نەک دوو بەڕێوەبەرایەتیەکە, بۆیە پێویستە لەسەر ئەم بنەمایەش هەنگاو بۆ چارەسەر بنرێت. گەر هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بڕوایان بەدیموکراسیەت و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لەکوردستاندا هەیە, ئەوا پێویستە لەسەریان ملکەچی چارەسەری دیموکراسیانەش بن. دەبێ بڕوایان بەدابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ پارتی دیکەدا هەبێت. دەبێ بڕوایان بەدەسەڵاتی خەڵک هەبێت و بڕیار بدەنە دەست خەڵک. واتە ڕێگا بەخەڵکی کوردستان بدەن, لەڕێگای هەڵبژاردنێکەوە نوێنەرانی تازەی خۆیان هەڵبژێرن, بەمجۆرە پەرلەمانێکی بەهێز هەڵبژێرن و لەڕێگایەوە حکومەتێکی یەکگرتووی کوردستانێکی یەکگرتوو دیاربکرێت. تەنها لەڕێگای هەڵبژاردنەوە دەتوانرێ چارەسەرێکی دیموکراسیانەی ڕەوا بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە. ئەگەر دوو بەڕێوەبەرایەتیەکە یەکیش بگرنەوە پێویستە بەبەشداری بەرچاوی پارتەکانی دیکە بێت و کاتی بێت, واتە تەنها بۆ ئەوە بێت, کەوا خۆی و گەل بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراسیانەی ڕەوای ئامادە بکات.
هێنانەوەی بیانووی ناوچە تازە ئازادکراوەکان و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەو ناوچانە بۆ نەکردنی هەڵبژاردن زۆر ناڕەوایە و ناگونجاوە. چارەسەری گونجاو و ڕەوا هەڵبژاردنە, پێویستە ئەم هەڵبژاردنە ئەم ناوچانەش بەپێی توانا بگرێتەوە. واتە ئەوەی دەکرێ و ڕێگای دەچێ لەم ناوچە تازە ڕزگارکراوانەدا بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردن بکرێت, چونکە ناکرێ چارەنووسی ناسیۆنێک بە بارودۆخی نالەباری چەند ناوچەیەک ببەسترێتەوە.

لای هەمووان ئاشکرایە, باشووری کوردستان لەبەردەم دووڕیانێکی چارەنووسساز دایە, سەرکەوتنی بەشێوەیەکی سەرەکی بەیەکگرتوویی کوردستان و خەڵکەکەیەوە بەندە. خەڵکی کوردستان داوای چارەسەرێکی ڕەوای ئەم گرێ کۆرەیە دەکەن, بەهەمان شێوە کێشەی نەتەوایەتی کورد پێویستی پێیەتی. کات خێرا دەڕوا و خەریکە دیسان بەدوا دەکەوین, ئەمڕۆ بۆ هەڵبژاردن درەنگە, بەیانی گەلێ درەنگە و ڕەنگە نەتوانین فریای هیچ بکەوین.

shaxauan@hotmail.com

**دانیمارک 11.11.2003**